



# پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد  خولیای کوردستان










**بەشی ١٠**

**مافناس – حەسەن ئەیوبزادە**

**جیاوازیی ناوی کتێبە تەزویرکراوەکە لە دەقە کوردییەکەدا لەگەڵ ناوی کتێبەکە بە زمانەکانی سپانیۆلیی، ئینگلیزیی و تورکیی!**

**١– خولیاومەرگی رەحمانی کورد بە سپانیۆلیی ٢–خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان بە ئینگلیزیی ٣– خولیاو مەرگی رەحمانی کورد ، خولیای کوردستان بە تورکیی**

**٤– خولیاومەرگی قاسملوی کورد بە کوردی لە پێداچوونەوەی مەلا عەبدوللادا !**

### کورتەیەکی ئەو لێکۆلینەوەیە

**کارۆل پرۆن هۆبێر رۆژنامەڤان و نووسەرێکی ڤێنێزۆئێلاییە. لە ٢٠٠٨ کتێبێکی لەسەر بەشێک لە ژیانی سیاسیی و بەسەرهاتی د.عەبدوررەحمان قاسملوو بە زمانی سپانیۆلی نووسیوە و لە کاراکاس چاپی کردووە. ساڵی دواتر نووسەر خۆی ئەو کتێبەی کردووە بە ئینگلیزیی و لە ٣٠ دێسامبری ٢٠٠٩ لە ئەمریکا چاپ کراوە. ئەو کتێبە لە لایەن مامۆستا فەتاح کاویان ئەندامی بەرێ‌ کومیتەی ناوەندیی حدکا کراوە بە کوردیی و گۆیا لە ژووئیەی ٢٠٠٩لەهەولێر چاپ کراوە.**

**مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، ئەندامی بەرێی حدکا سەرەرای ئەوە کە ئەلف و بێی زمانی ئینگیزیی نەزانیوە کە دەبوو تێیدا پسپۆر بێ، خۆی کردووە بە "ئێدیتۆر"ی ئەو کتێبە و پێیدا چووەتەوە!! کەڵک وەرگرتن لە سەرناوی " ئێدیتۆر" بۆ مەلا عەبدوللا کە رەوایی و سەلاحییەتی ئەو کارەی نەبووە خۆی تەزویریان جەعلی عینوانە و تاوانێکی سەربەخۆیە.**

**مەلا عەبدوللا بە هەزاران تەزویری لەو کتێبەدا کردووە. کەم وشە، دێر، هێڵ،پاراگراف ولاپەڕە هەیە کە ئێدیتۆر تەزویرێکی تێدا نەکردبێ. کارەساتێک کە مەلا عەبدوللا بەسەر ئەو کتێبەی هێناوە، داعش بەسەر ئاسەوارە کەوناراکانی عێراق و سوریای نەهێناوە.**

**مەلا عەبدوللا لە نووکەوە ناوی "کتێبی خولیا ومەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان" ی گۆڕیوە و کردوویەتە " خولیا و مەرگی قاسملووی‌کورد. بەرێوە بەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان رێگەی داوە لەژێر ژمارەی ٦٦٦ ئەو کتێبە چاپ بکرێ. بەلام لەو دامەزراوەشدا ناوەکە جارێکی دیکە گۆردراوە و کراوە بە خولیاو مەرگی قاسملووی کوردان. چاپی یەکەمی ئەو کتێبە لە ژوئیەی ٢٠٠٩ لە هەولێرراگەیەندراوە. لە لاپەڕەی ٢ ی ئەو کتێبەدا ژمارەی ٦٦٦ بەرێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی لێدراوە، بەڵام هەر لەئەو کتێبە و لە لاپەرەی ئاخردا ساڵی چاپەکەی ٢٠٠٦ نووسراوە. واتە دووساڵ پێش ئەوە کە بە زمانی سپانیۆلیی بنووسری و سێ ساڵ پێشتر لە چاپی ئینگلیزییەکەی لە هەولێر بە ئیدیتۆریی مەلا عەبدوللا چاپ کراوە!!**

**لەو نۆ بەشە لێکۆلینەوەیەدا کە پێشتر خراونە بەرچاوی خوێنەر گوترا کە ئەو هەزاران تەزویرەی کە مەلا عەبدوللا لەو پێداچوونەوەیەدا کردوونی بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکانی قاتڵی د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی ئازەر و چەواشەکردنی واقعییەت و شاردنەوەی جینایەتێکی مەزن بووە کە توانەوەی بزووتنەوەی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان و تێرۆری باشترین رۆلەکانی ئەو گەلەی لێکەوتووەتەوە و مەلا عەبدوڵلا دەوری سەرەکیی لەو تاوانانەداهەبووە.**

**حەسەن زادە لەو تەزویرانەدا سەلماندوویە کە بە سێ روما، دەمامک و ماسکی جیاوازەوە لە روداوە جینایی – سیاسیی و ئیتتیلاعاتیی‌یەکان لە نێوان حدکا، ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و یەکێتیی نیشتمانیی دا دەورێکی کارای گێراوە. دانی زانیاریی بە "اطلاعات سپاه پاسداران " لە**

**سولەیمانیی و زانیاریی ینک (لقی کوردیی‌پەیڤی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە باشووری کوردستان [1])وهەوڵی ناوبراو بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانانە و هێشتنەوەی فریوکارانەی سەدان ئەندامی حدکا لەو قژڵە پەنابەرییە بۆجیرە وەرگرتن و بە کوشتدانی ئەندامانی پەنابەرکردوو بووە.**

**مامۆستا "کاویان"ی وەرگێری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، لە هەلومەرجێکدا نەبووە کە پێداچوونەوە تەزویرکراوەکەی مەلا عەبدولا حەسەنزادەی کۆنترۆل بکاو بیخوێنێتەوە. حەسەنزادە ئەو دەرفەتەی قۆزتووەتەوە. زەبری خۆی لە بزوتنەوەی کورد، لەحدکا( کادر وپێشمەرگەکانی) وەشاندووە. دۆسییەی ئەو جینایەتەی بۆ خزمەت بە سەرانی بڕیاردەر و بەرێوەبەرانی ئەو جینایەتە و یارمەتیدەرە کوردەکانیان بە بیانووی نەبوونی خەرجی دادگە راگرتوە. ئەوکارەی لەژێر گوشاری رژیم و بریاردەری جینایەتەکان (هاشمی رفسنجانیی) و تێرۆریستی ناوزراو صحراروديدا کردووە.**

**مەلا عەبدولا بەو بریارەی کە داویە پێشی بە بەڕێوەبردنی قانوون بە دژی تێرۆریستەکان لە ئوتریش و دادگەکانی دیکەی شیاو بۆ لێکۆلینەوە لەو پەروەندەیە گرتووە. بیانووی مەلا عەبدوللا بۆ راگرتنی لێکۆلینەوەلە دۆسییەکە نەبوونی خەرجەکەی بووە. لێکۆلینەوە لە تێرۆری ئەندامانی حدکالە باشوور نیشان دەدا کە حەسەنزادە هاودەستیی تێرۆریستەکان و بریاردەرانی ئەو هەموو جینایەتەیە لە باشووری کوردستان دژی حدکا کراوە. بروانە دوو جینایەت دوو دادگاو دوو قەرار ( گوللەبارانکردنی چوار ئەندامی حدکا بە ئاگاداریی مەلا عەبدولا لەدەروازەی کۆیە لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی یەوە کە مەلا عەبدوللا ناوی بریاردەرەکەی دەزانێ و بەهاوژینی گوللەباران کراو ( سەید منصور ناصری )واتە مەنال خانم تاهیری گوتووە : ناوەکەی دەزانێ و بیبەنە دادگەش نایڵێ". مەلا عەبدولا خۆی تۆمەتبار بە هاودەستیی لەگەل تێرۆریستان بۆتێرۆری ئەندامانی حدکا و تواندنەوەی حدکا یە. حەسەنزادە لە پێوەندییەکانی بە مەسەلەی تێرۆری ئەندامانی حدکا لە باشووری کوردستان دوو روو مای جیاوازی هەبووە. هاوکات کە گەل زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپا بە دژی ئەندامانی حدکا هاو کاریی کردووە، بە ناردنی راپۆرتی سەدان کاری تێرۆریستیی تەنزیمەکانی ینک و پارتی دێموکراتی کوردستان" بۆ تەشکیلاتەکانی حدکا لە دەرەوەی ولات وای نیشان داوە کە پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی بۆ تێرۆری ئەندامانی حدکالەگەل تێرۆریستەکان هاوکارییان کردووە.**

**لەو تەزویرانەشدا کە لە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورددا کردوونی هەوڵیداوە مامۆستا کاویان بە تەزویرکار و هاودەستی تێرۆریستەکان تۆمەتبار بکا. لە لێکۆلینەوەی بە وەختی خاوەنی ئەم قەڵەمەدا هەردوو پیلانەکەی مەلا عەبدوللا و رومای راستەقینەی ئەو هاوکارەی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران وزانیاریی ینک ئاشکرا بووە.**

## بەشی دەهەمی لێکۆلینەوەکە

## زستانی ڤیەن

### لاپەڕەی ٢١٧ دەقی کتێبە ئینگلیزییەکە و لاپەڕەی ٢٤٠ ی دەقە کوردییەکە لە درێژەی تەزویرەکانی مەلا عەبدوللادا

**مەلا عەبدوللا (ئێدیتور) لە پێداچوونەوەکەی بە دەقی کوردیی کتێبەکەدا، لە دوو هێڵی سەرەتای لاپەرەی ٢١٧ دا بەم شێوەیە تەزویری کردووە:**

Abdul Rahman Chassemlou.s murder was the culmination of a long hunt for the Kurdish leader <u>by the Islamic Republic</u>.

**مانای ئەو دەقە و تەزویرەکەی ئێدیتۆر بەم جۆرەیە: کوژرانی دوکتور قاسملوو، کۆتاییهاتنی راوەدوونانێکی دوور و درێژ بوو کە زۆر لە مێژ بوو[ <u>لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە</u>] بۆ کوشتنی وی وەڕێ خرابوو.**

**<u>ئێدیتۆری بەرێز پێێ وانەبووە ئەو راوەدوونانە دوور و درێژە " لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە" بۆ کوشتنی د.قاسملوو بووە. لەبەر ئەوە لە دەقە کوردییەکەدا بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی، وشە گەلی "لەلایەن کۆماری ئیسلامیی " یەوەی سڕیوەتەوە.</u>**

**<u>مەلا عەبدوللا، دوابەدوای سڕینەوەی ئەو سێ وشەیە لە دەقە کوردییەکەدا ئەو وتەیەی کارۆلی نووسیوە: پاش ئەوەی ستراتێژی رژیم بۆ کوشتنی وی [ د.قاسملوو] وشە ی (د.قاسملوو)ی قرتاندووە. جوونکە پێش وشەی ئەو (ناوی د.قاسملوو) نەنووسراوە کە وشەی " ئەو" جێیبگرێتەوە و باسەکە درێژە بدا و بڵێ: لە چیاکاندا بە هیچ کوێ نەگەیشت. چەند ساڵێکی خایاند هەتا توانیان داوێکی دیکەی بۆ؟ وی دابنێنەوە.</u>**

---

1_ کتێبی شەری کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێێ بەرپرسیارە؟

**مـەلا عه بـدوللا لـه هێڵـی چـواری ئینگلیزییەکـه دا جـارێکی دیکـه  بـۆ داپۆشـینی رومـای تـاوانبارکراوەکـان وشـەی ئێرانییـەکانی لـە دەقـە کوردییەکەدا سڕیوەتەوە.**

ئێـدیتـۆری "حـدک" ی تـەزویریی[2] لەهەرجێگەیـەک کـه رژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی و تێرۆریسـتەکان تۆمـەتبار بـه کوشـتنی د.قاسـملوو راگەیەنـدرابن، دێرەکـەی گۆڕیـوه یـان قرتاندوویه.

مـەلا عەبـدوللا نووسیویه :"پـاش ئـەوەی سـتراتیژیی رژیـم بـۆ کوشـتنی [ د.قاسـملوو] لـه چیاکاندا به هیچ کوێ نەگەیشت له زمانی تالەبانییەوه واقعییەتێک هەڵوەریوه که  بیـری لێنەکردبۆوه.

تالـەبانیی  ئـەو واقعییەتـەی بـۆ کـارۆل پـرۆن هۆبێر،نووسـەری کتێبەکـه بـاس کـردووه. تالـەبانیی  زانیبـوی کـه کـارگێڕانی کۆمـاری ئیسـلامیی، چەنـد سـاڵێک بـەر لـه تێرۆرەکـه  پلانـی تێـرۆری د.قاسـملوویان هـەبووه، بـەلام سـەرۆکی هێـزی پشـتیوان و دوسـتی سـەردەمی لاویـی و بنەماڵـەیی د.قاسـملوو  کـه بـه وتـەی هاوژینەکـەی د.قاسـملوو پێـنج سـاڵی رەبـەق کاولـەکۆنێکی لاروخـاوی خـۆی و هاوژینەکـەی و دوو منداڵی کـه لـه تـاران بـه قاچـاخیی  تێیـدا ژیـابوون، لەگـەل تالـەبانیی و دوو هـاورێ ئـاوارەکـەی لـه تـاران بـەش کردبـوو. ئـەوان هـەموو راکـردوو لـه دەسـتی پـۆلیس بـوون. د.قاسـملوو و هاوژینەکەشـی بـه قاچـاخیی لـه تـاران ژیـا بـوون. تالـەبانیی مـافخواز، سیاسـییکار کـه دوایـه بـه دەنگـی گـەلی کـورد کـرا بـه سـەرۆک کۆمـاری عێـراق، خـۆی گوتـەنیی: د.قاسـملووی لـەو پلانـەی رژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی  ئاگـادار نـەکردبوو[3]. سـکرتێری ینـک زیـاتری لەسـەر رۆیبـوو و گوتبـووی: لـه زسـتانی ١٩٨٨ و ژانویـەی ١٩٨٩ ئێرانییەکان بەرنامەی کوشتنی د.قاسملوویان هەبووه.

تالـەبانیی  و نەوشـیروان مصـطفی، محمـد جعفـری صـحرارودیو حـاجی مصـطفی الیـاس اجـوادی لەگـەل  چـوار  نەناسـراوی دیکـه وێکـرا لـه ئۆدەیـەک لـه ئاپارتمـان – هـۆتێلی – ئیـدلهۆف لـه قۆنـاخی یەکـەمی وتوێژەکـه  چەنـدرۆژێک بـەر لـه  ٢٨ تـا ٣١ دێسـامبری ١٩٨٨  و ٢٠ ژانویـەی ١٩٨٩ لەگـەل چـوار  کەسـی دیکـه کـه ناوەکانیـان  بـه دەفتـەری ئاپارتمـان –هۆتێلەکـه رانـەگـەیـەنـدرابوو مابوونـەوه. لـەو ٨کەسـه تـەنیا ٣ کـەس نـاوی خۆیان  به دەفتەری هۆتێلەکه راگەیاندبوو:

١– نەوشـــیروان مصـــطفی ئـــەمین ، ژورنالیســـت،لەدایکبووی ١٩٤٤/٧/١ عێراقـــی، شەقامی رەشید ٢١/٢٠ بەغدا لەگەل دوو کەسی نەناسراو  لیستی هاوپێچ ژماره 4

٢–  حاجی مصطفی الیاس اجوادی  له دایکبووی ١٩٥٨ تاران

٣–  محمـد جعفـری صـحرارودی لـه دایکبـووی ١٩٥٦. تالـه بـانیی و سێ نـه ناسـراوەکەی دیکه ناوی خۆیان رانەگەیاندبوو.

سـەرجەم هەشـت کـەس  بـه بۆنـەی ئـەو وتـوێژه وه چووبوونـه ڤییـەن و لـەو ئاپارتمـان هۆتێلەدا وێکرا مابوونەوه که یەک لەو چوار کەسه نەناسراوه تالەبانی بووه.

## Chapter V

## Winter in Vienna

✦

Abdul Rahman Ghassemlou's murder was the culmination of a long hunt for the Kurdish leader by the Islamic Republic. After the strategy failed to kill him in the mountains, it was several years before the Iranians prepared another trap. This plan attempted to close in on Ghassemlou in Vienna through the first negotiations during the winter of 1988–89 and ended with his death in the summer of 1989. In this patient but deadly pursuit of Ghassemlou, Fadil Rasul was merely an instrument. This became clear afterward.

In the summer of 1986, Jalal Talabani passed by Ghassemlou's daftar in Iraqi Kurdistan. Talabani's PUK daftar was nearby. Being Iraqi, Talabani received aid from Tehran; being Iranian, Ghassemlou was supported by Baghdad. This is the law of opposites that has enlivened the life of the Kurds for many years and which Talabani summarizes as follows: "We Kurds have the right to benefit from the conflicts that exist between the states that divide and dominate us—as long as we maintain our independence and we do not fight against the Kurds of the other areas."[259]

Talabani was on his way to Tehran, and he asked Ghassemlou if he had any message he wanted to send.[260]

"If they are willing to negotiate, so are we," Ghassemlou answered.

A few days later in Tehran, Hashemi Rafsanjani asked Talabani about Ghassemlou.

"How is he? Do you see him? Is it true that he has been wounded?"

217

## بڕگەی پێنجەم

## زستانی ڤییەن

کوژرانی دوکتور قاسـملوو کۆتایی هاتنـی راوەدوونانێکی دوورو درێژ بوو که زۆر لەمێژ بوو بۆ کوشـتنی وی وەڕێ خرا بوو. پاش ئەوەی سـتراتیژیی رێژیم بۆ کوشتنی لـه چیاکاندا بەهیچ کوێ نەگەیشـت، چەند سـاڵێکی خایاند هەتا توانیـان داوێکی دیکەی بـۆ دابنێنەوه. ئەو داوەیان که دەبوو قاسـملوو له ڤییەن و لـه رێگەی یەکەمین بەرنامەی وتووێژەوه تێی بکەوێ، له زستانی ٨٩ ـ ١٩٨٨دانرابووەو له هاوینی ١٩٨٩دا به کوژرانی وی کۆتایی هات. لەو بەرنامە مەرگهێنەدا که بۆ کوشـتنی قاسـملوو ئامادە کرابوو، فازڵ رەسووڵ تەنیا ئامرازێک بووو ئەویش دوایه وەدەر کەوت.

هاوینی ساڵی ١٩٨٦، بە نزیک دەفتەری سیاسیی قاسملوو له کوردستانی عێراقدا رابردم. مەکتەبی سیاسـیی یەکیەتیی نیشـتمانی لەوێندەری نزیک بوو. تاڵەبانی هاونیشـتمانێکی عێراقـی بـوو لەتارانەوه یارمەتییان دەدا؛ قاسـملووش که ئێرانی بـوو، لەلایەن بەغداوه پشـتیوانیی لێ دەکرا. ئەوه یاسـایەکی دوولایەنەی دژ به یەکن که بۆ ساڵیانێکی دوورو درێژ ئیمکانی ژیانی بۆ کوردەکان پێک هێناوەو تاڵەبانییش بەم شێوەیەو به کورتی لێکی دەداتەوه. «ئێمەی کورد مافی خۆمانه له گێرەو کێشەی نێوان ئەو دەوڵەتانه به قازانجی خۆمـان کەڵک وەربگرین که ئێمەیان دابەش کردوەو بەسـەرماندا زاڵن. دیاره هەتا ئەو رادەیەی سەربەخۆیی [سیاسی]ی خۆمان بپارێزین و لەدژی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان شەڕ نەکەین.

تاڵەبانـی خەریک بوو دەچوو بۆ تاران و له قاسـملووی پرسـی داخوا هیچ پەیامێکی

---

[2]- " حدک – تەزویریی" وەڕێخستنی ئەو تەنزیمه ساختەیه کاری مەلا عەبدوللا بووه. به دنەدانی تالەبانیی و ئەحمەدی نژاد دوای گەڕانەوەی تالەبانیی لەسەفەری تاران به هاوکاریی پاشماوەی رێبەرایەتیی شۆرشگێری حدکا و به بیانووی نەبوونی دێموکراسیی له قۆڵێکی پەنابەریی بۆ تاقمێک کۆیله که کاری رۆژانەیان ئیسکۆرتی  چەکدارانەی مەلاعەبدوللا  و تیمەکەی بۆ سەرئاودەست و خوێندنەوەی  ئەزموونی خەباته لینگەو قوچ و دادێ پووچەکه و تەزویرو هاوکارییەکانی ئیتتیلاعات و زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی بووهو به مەبەستی دەست داگرتن بەسەر سامانەکەی حدکا  ئەو حیزبەی لەت کرد و له دوای کۆنگرەی ١٣ خۆی دەرخست. "حدحیزبی دێموکرات– تەزویریی سەر به تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران   بۆ بێ ئیعتیبارکردنی حیزبی دێموکرات (کۆمەلەی ژیانەوەی کورد و خولقێنەری کۆماری کوردستان) تەزویر کرا.

[3] _ Une Europeene  au pays des Kurdes

صحرارودی خەرجی هۆتێلەکەی دابوو. جارێکیش فازل رەسول خەرجەکەی لە ژمارە حیسابی خۆی دابوو. دیارە ئەو بە حیسابی باڵوێزخانە دابووی. نابراو کارگێڕێکی باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن بووە.

سەرەرای هەموو ئەوانە تالەبانیی باسی چوونە لای وەزیری ناوخۆیی ئوتریشی بۆ وەرگرتنی پاسەوان و ماشێن کردووە و بە وتەی خۆی وەریگرتبوو.داستانێکی ئەو تۆ بۆ باشوری کوردستان و کۆمەڵگایەک کە سەرۆک تەنزیمێکی وەکو تالەبانیی ئەرتەشێکی تایبەتیی، دەزگای جاسوسیی تایبەتیی، ئابوریی تایبەتیی، کانگاو مەعدەنی تایبەتیی، دەزگای دادوەریی تایبەتیی، ناوچەی دەسەڵاتداریی تایبەتیی، نوێنەری تایبەتیی لە وڵاتان و پێوەندیی تایبەتیی بە وڵاتێکی داگیرکەری کوردستانەوە هەیە جێ دەگرێ، بەڵام بۆ وڵاتێکی کە لە دڵی ئوروپادایەو قانوون بۆ هەموو کەس قانوونە و کەس ناتوانێ تەخشان و پەخشان لەسەر ماڵی خەلک بکا، وەزیر ناتوانێ بریاری ئەوتۆبدا. ئەوە پروپاگەندەیە. کردەوەی نەقانوونیی ئاوا لەو وڵاتانەدا کە قانوون حاکمە بە خەیاڵی کەسدانایە. تەنیا مەلا عەبدللایەک دەتوانێ بەستە بخاتە سەر چیرۆکێکی ئەوتۆ و بە نیشانەی قەدرو گەورەیی نانەرەکەی دابنێ. باسکردنی چیرۆکێکی ئاوا لەو سەردەمەدا گەراندنەوەی مێژووە بۆ سێسەد ساڵ لەمەوبەر. لێکۆلینەوەکانی دەزگای دادوەریی ئاشکرایان کردووە کە کۆبوونەوەکان بە ئیبتیکاری تالەبانیی بە شێوەیەکی خێڵەکیی و بێ پاراستنی کەمترین تێبینیی ئەمنییەتیی و ئوسوڵ و پرەنسیپی سیاسیی جیهانی ئەمرۆ بووە.

تالەبانیی بیری لەوە نەکردبۆوە رابگەیەنێ کە بە چ بیانوویەک داوای ئەو ماشێن و ٢٧ پاسەوانەکەی مەلا عەبدوللای لە وەزیری ناوخۆیی (لوشناک) کردبوو. مەگەر قەرار ئەوە نەبووە کە پلانەکە بە نهێنیی بەڕێوەبچێ؟ ئەی چۆن ئەو پلانە بە وەزیر راگەیاندرابوو و داوای پاسەوان و ماشێنی لێکردبوو؟ هەرچەند خۆی بە ناوی نهێنیی لە هۆتێل ئیدلهۆف ژیابوو و بە ناوی نهێنییەوە چووبووە ئوتریش. باشترنەبوو لە بری ئەو هەموو بێجێ و رێی و بێ دەرەتانیی و ماڵەو ماڵکردنە لەبری ئەوە د. قاسملوو بۆ" وتوویژ بەرنە ماڵی لایەنگرێکی تالەبانیی و ئەو لایەنگرە بزانێ کە رۆژی ٢٨ دێسامبر د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی لەگەل تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی دەبرێنە مالەکەی و شەوێ ناچاردەبێ بچێتە لا ی صحرارودی ولە هۆتێل هیلتۆن بمێنێتەوە وتالەبانیی رۆژی ٣٠ دێسامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویە مێوانە "بێدەرەتان و دەستتەنگە کانی"؟! بردبوونە ماڵی فازیل رەسوڵ و براکانی، باشتر نەبوو د.قاسملوو عەبدوللا قادریی بۆ پاراستنی نهێنیی و ئەوماڵ و ئەم ماڵ پێ کردن بباتە باڵوێزخانەی رژیم؟! ئەوە چ سازماندانێک بووە؟ !

هەروەها تالەبانیی لە کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆبێر و لە وتوێژەکەی دا لە هۆتێل پاریس باسی لە سازماندانی سێ بینای نەزانراو بۆ تێرۆریستەکان بۆ بەڕێوەبردنی وتوێژەکە کردووە و نەیگوتووە ئەو سێ بینا گرنگە نهێنییە بۆ تێرۆریستەکان، مالی لایەنگرەکەی خۆی بە ناوی خ. مارف و مالی فازل رەسول و براکانی بووە. تالەبانی خۆی لە بەشێک لە وتوێژەکەی لەگەل نووسەری کتێبەکە گوتوویە کە فازل رەسول ئۆدەیەکی لە ماڵەکەی خۆی بۆ صحرارودی و اجوادی تەرخان کردبوو کە دەیانتوانی لەوێ بمێننەوە.

دەکرێ بگوترێ کە لەو نومایش و شانۆسازییە تەنیا د.قاسملوو و عەبدوللاقادریی ئاگادار نەبوون. لە واقیعدا ئەو بێنەو بەرە وشانۆگەرییە پێشەکییەک بووە بۆ ئاشناکردنی د.قاسملوو لەگەل بنبێلاو فازل رەسوڵ و کەسانێک کە دواتر بەرێوەبردنی پلانی دارێژراوی ئۆدەی بیر و پلانی تێرۆر بۆ شەش مانگ دواتر واتە بۆ رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ یان بەڕێوە برد. لەو خولەدا واتە لە دێسامبری ١٩٨٨دا بنبێلا بۆ ئاشنابوون لەگەل د.قاسملوو و وەئەستۆگرتنی دەوری ناوبژیوان ئاپارتمانێکی بە قیمەتی ملیۆنێک و چوار سەت و پەنجا هەزار شیلینگ بۆ کردرا و فازل رەسوڵ لە لایەن باڵوێزخانەی ئێرانەوە ئەو ئاپارتمانەی بۆ کرێ و بە ناوی ئەحمەد بنبێلا تاپۆی کرد. پێشتر بەڵگەنامەکەی بڵاو کرایەوە.

کۆبوونەکان بە شێوەیەکی خیلەکیی سەرەتایی، بە نهێنیی و شاراوە لەئەندامانی حدکاو ئاشکرا بۆ باڵووێزخانەی رژیم لە ڤییەن وهەموو ئەندامانی سەرکردایەتیی ینک، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی لە ڤییەن، ژنەکەی فازل رەسوڵو براکانی دوکتور وریاو کێو کێ ، بێ وەبەرچاوگرتنی بنەماکانی پاراستنی ئەمنییەتیی کە تەنیا کارێکی کە کردبوویان ئەوە بووە کە رێگەیان نەدابوو هیچ ئەندامێکی حدکاو پارێزەرانی د.قاسملوو لەو کۆبوونەوانە ئاگادار بن. لەواقیعدا سەرکردایەتیی ینک، ئەندامان و لایەنگرانی ینک، باڵوێزخانەی رژیم، بنبێلا ،و فازل رەسوڵ و ژنەکەی وئەندامانی بنەماڵەکەی، براکانی، خەبات مارف و کەس وکارەکەی کە مالەکای کرابوو بە شوێنی کۆبوونەوەکە، کەمال فوئاد و فوئاد مەعسوم کە دواتر کرا بە سەرۆک کۆماری عێراق ئەمانە هەموو لەو کۆبوونەوانە ئاگادار بوون.

ئێدیعای مەلا عەبدوللا لەسەر " ٢٧ پاسەوان و ئێشک گری یەکێتیی نیشتمانیی و قۆرخانە و ئیددیعای ئەوە کە د.قاسملوو و تالەبانیی دەمانچەیان پێبووە چیرۆکێ بووە بۆ مندالان. ئەو حیکایەتەی مەلا عەبدوللا سناریۆ سینەمایییەکەی خۆی وەبیردێنێتەوە کە کاتژمێر پێنجی سەرلەبەیانیی و بەر لەوە فوئاد مەعسوم و فەرەیدون عەبدولقادر بچنە دەفتەری حدکا و ئاگاداریان بکەن کە پاسدارەکان بەرێوەن بۆئەوە نومایشی ئاشبەتاڵەکەیان تان لە مالی براکانیام پێ بنووسن. بەوتەی ئەندامێکی د.سیاسیی کە بۆ نووسەری ئەم لێکۆلینەوەی باس کرد، فەرەیدون عەبدولقادر دەوری پیاوە خراپەکەی درابوویە و فواد مەعسوم دەوری پیاوەباشەکەی گێرابوو... مەلا عەبدوللا بۆ ئەوە شاهیدی بەڕێوەبردنی ئەو سناریۆ ئابروبەرانەیەی خۆی نەبێ کە لەگەل صحرارودی و تالەبانیی دایان رشتبوو بەرلە کاتژمێر پێنجی بەیانیی و ئەوکاتە کە هێشتا هەتاو لەکەکەی روتی عەرەبی نەدابوو بە مۆنیکای دزێتیی صفر کیلۆمیتری پێشکەشیی لە گەل نوێنەری حدکا لە پاریس، بە رەو هەولێر ماڵە گاز پێیان پێوە نابوو. پلانی خۆراگریی مەلا عەبدوللا بۆ ئەوە بوو کە لە هەولێر وەسیەتنامەکەی بنووسێ. هاورێ ژیرەکەی، گاڵتەی پێکردبوو و بیری هێنابۆوە کە مەلا دەبێ لە هەولێرە وە ئۆردوی پێشمەرگەکانی ژێردەسەلاتی بجووڵێنی و ستادەکەی لە هەولێر دامەزرێنی و هەیبە سولتان بکاتە ستالینگراد و پشتی سپای پاسداران لەو ستالینگرادە نوێیە بشکێنی. ئەوکاتە کۆبانی و کیژوکوری سەریان بە

**داعش شۆر نەکردبوو کە ئۆردووی مەلا عەبدوللای پێ بشوپێنین . بە وتەی هاوری کارامە راوێژ خۆشە کە مەلا عەبدوللاحەسەن زادە لە ترسی ئەوە کە لە جاددەی نیوان کۆیە هەولێر بیگرن و لە قەوەزی بکەن و لەگەل پێشمەرگەکانی ینک تا شاری میاندواو ئیسکۆرتی بکەن و لەوێ بیدەنە دەست سپای پاسدارانی کارخانەی قەندی میاندواو ئەوەندەی ئارەق بە ناوچاوان و لاملیدا شۆلاوگەی بەستبوو بەرپێێ ئەوەندە تەرکردبوو بۆ ئەوە بووە بێستانێکی پێ پاراو بکەن. ئەوەی نووسرا وەلامێک بوو بۆ ئەو وتارەی مەلا عەبدوللایە کە مەزن پیاوانی کۆماری کوردستانی بە خۆبەدەستەوەدەر پێناسەکردبوو بەیاننامەیەکی بە دزی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی و بە ناوی ئەوانە تەزویر کردبوو.**

**واقعییەت ئەوە بووە: رۆژی یەکەمی کۆبوونەوەکە بۆ وتوویژ وەکو باسکرا ۲۸ مانگی دیسامبری ۱۹۸۸ لە ئاپارتمانی لایە نگرێکی تالبانیی بە ناوی خەبات مارف[4] بەرێوە چووبوو. گوترابوو ئەو لایەنگرە بۆ ولاتێکی دیکە بە سەفەر چووبوو. بەلام ئەوەش راست نەبووە شەوێک لە هۆتێل هیلتۆنی ڤییە ن میوانی صحرارودی بووە.**

**نەوشیروان مصطفی کە ئەو کاتە کەسایەتیی دووهەمی تەنزیمەکەی تالەبانیی بوو، لەدەوری یەکەمی وتووێژەکاندا بەشدار ببوو، بەلام ئەویش تا ئەمرۆ لە کولەکەی تەڕدا باسی بەشداریی خۆی لەو کۆبوونەوانەدا نەکردووە. ئەوە روداوێکی لەرادەبەدەر گرنگە، مێژووی هەموو کوردستانە، ئەو روداوە بەشی نۆهەمی ئەنفالەکانە، بەشێکی هەرەمەزنی کێشەی کورد و عەجەمە، بەشێک لە مێژووی هەموو کوردستانە. چاوەروان دەکرێ نەوشیروان مصطفی ئەمین ئەو بەشە لە مێژووی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وەکو پاشکۆیەک بۆ کتێبی کورد و عەجەمەکەی بنووسێ و لەبیری نەچێ خۆی یەکی لە هاندەرانی د.قاسملوو بۆ چوونی بۆ ئەو وتووێژەبووە. چۆن بوو وچی کرا؟ ئەو لەدەوری یەکەمی وتوێژەکەدا بەشداری کۆبوونەوەکە بووە ە و لە هەموو ئەو زانیارییانە ئاگادار بووە.ئەو کەسێک بووە کە بە وتەی خۆی ۹ مکاتژمێر دوو بەدوو لەگەل ئاغامحمدی نوێنەری رفسنجانیی کۆبوونەوەی کردووە و کۆبوونەوەکەش خۆی گوترەنیی کێشەی موعارەزەی ئێرانیی بووە. خولانەوە لە ناوبازنەدا لاپەرەی ۱۰۵ و ۱۰٦**

**تالەبانیی و نەوشروان مصطفی لە ۲۸ تا ئاخری ۳۰ دێسامبر ۱۹۸۸ و۲۰ ژانویە ۱۹۸۹لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری وتووێژەکان بوون . لە ۳۱ ی دسامبری ۱۹۸۸تا ۲۰ ژانویەی ۱۹۸۹ تاقمە تێرۆریستە کەی سپای پاسداران و نوێنەرایەتیی ینک ( تالەبانیی و نەوشیروان) و چەند کەس نەناسراوی دیکە لە ڤییەن مابوونەوە. جێێ خۆیەتی کە نەوشیروان مصطفی ناوی ئەو کەسانەش ئاشکرابکا کە لە ئۆدە ۸ کەسییەکەی ئیدلهۆف وێکرابوون و ناوی خۆیان بە دەفتەری ئاپارتمان – هۆتێلی ئیدلهۆف رانەگەیاندبوو. رۆژی ۲۰ ژانویەی ۱۹۸۹ ئاخر رۆژی وتوێژ بووە. لەماوەی ۳۱ ژانویەی ۱۹۸۸ تا رۆژی ۲۰ ژانویەی ۱۹۸۹ وتووێژێک لە نێوان د.قاسملوو وتێرۆریستەکاندا لەڤییەن لە ئارادا نەبووە. چۆن بووە کە تالەبانیی خۆی گوتەنیی: زانیبووی کە رژیمی کۆماری ئیسلامیی پلانی تێرۆری د.قاسملووی بەدەستەوە بووە،بەلام د.قاسملووی لەو پیلانەی رژیم ئاگادار نەکردبوو؟!!**

**تالەبانیی رێکەوتی ئەو کۆبوونەوانەی لەبەشێکدا بە هەلەڕاگەیاندووە. وتوێژەکان لە دەوری یەکەمدا لە رۆژەکانی ۲۸ دێسامبرو ۳۰ دێسامبری ۱۹۸۸ و ۲۹ ژانویەی ۱۹۸۹دا بووە.**

## دریژەی وتەکانی تالەبانیی بۆ نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد

**تالەبانیی لەو وتانەیدا کە بۆ نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کوردی باس کردوون، فازل رەسوڵ بە کەرەسەیەک ناودەبا . واتە کەسێکی بێ ئیرادەبووە و ئەوەی پێیان ئەسپاردووە وەکو رۆبۆتێک بەڕێوەی بردووە. خۆکوژەکانی داعش، نصرە، ئەلقاعیدە، مەلا کرێکار، ئەو ئاخوندانەی کە کلیلیان دەکردە ملی لاوان و بەسەر مەیدانەکانی میندا لێیان دەخورین کەرەسەبوون؟ ئەی راهێنەرەکان چی بوون؟ ئەوان بەرپرس نین؟**


**مەلا عەبدوللا حەسەنزادەش وەکو فازل رەسوڵ لەبەرامبەر تالەبانییدا ئیرادەی نەبووە. لەدەرفەتێکی دیکەدا ئەو باسە زیاتر شی دەکەینەوە. لە لاپەڕەی ۲٤۱ دا بە هەڵکەوت سەرچاوەی ئەو وتوێژەی تالەبانیی نووسراوە کە لە لاپەرەی ۳٤۱ ژمارەی ۲٥۹ و ۲٦۰ دایە. گوایە نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد ئەو وتووێژەی لە ۱۹۸٥ لە مەکتەبی سیاسیی ینک لەگەل تاڵەبانیی کردبوو. لەراستییدا ئەووتوێژە لەو رێکەوتەدا نەبووە. وتوێژەکە ۲سال دواتر لەو رێکەوتە بووە. کارۆل لە هێڵی نۆی دەقە ئینگلیزییەکەدا نووسیویە :" جەلال تالەبانیی لە ۱۹۸٦ لە کوردستانی عێراق، بەلای دەفتەری قاسملوودا تێپەڕی. مەلا عەبدوللا ناوی تالەبانیی قرتاندووە و نووسیویە:" هاوینی ساڵی ۱۹۸٦ بە نزیک دەفتەری سیاسیی قاسملوودا لە کوردستانی عیراق رابردم". لێرە بەدواوە مەعلوم نییە کێ ئەو زانیارییەی داوە بە نووسەری کتێبەکە، نە تالەبانیی و نە مەلا عەبدوللا باسی ئەوەناکەن کە تالەبانیی لە ۱۹۸٦ بەلای دەفتەری سیاسیی حدکادا بەرەو تاران چووبێ. بەلام نەوشیروان مصطفی لە ۲۰۰۹ دوای جیابوونەوەکەی لە ینک باسی ئەو سەفەرەی تالەبانیی بەرەو ئێران کردووە کە کارۆل پرۆن هۆبێر لە لاپەڕەی ۲۱۷ دا نووسیویە.**

**تالەبانیی لە وتوێژ لەگەل کارۆلدا باس لە گرێدانی تەنزیمەکەی خۆی و کورد بە دەوڵەتانی داگیرکەرەوە دەکا و لە سیاسەتێکی ینک دەدوێ کە بەرێوەی بردووە. لەبەرێوەبردنی ئەو سیاسەتەشدا گوایە نەوشیروان مصطفی خولقێنەری زەمینەی هەموو کارەساتەکانی کوردستان بووە. بروانە راپۆرتەکەی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چوارەم لە ۲۹–۳۱ مانگی ۹/۱۰ ۲۰۰ هەروەها نووسراوەیەکی نەوشیروان مصطفی بە ناوی "لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین". بە ئێعتیرافی تالەبانیی و**

---

4_ کتێبی تێرۆر بە نام خدا نووسینی مهندس پرویز دستمالچی

نەوشیروان مصطفى ئەمین، سەرانی ینک و بە تایبەتیی سکرتێر و کەسایەتی ژمارە ٢ خولقێنـەری زەمینـەی کارەسـاتەکانی ئەنفالـەکان، کارەسـاتی هەڵەبجـە، سەردەشت، ئاشبەتاڵی هەموو تەنزیمەکان بۆ رژیمی جینایەتکاری صدام بوون. واتە کردنی پێشمەرگەی ینک بە بەشێک لـە ئیتتیلاعـاتی سپا، هانـدەری رژیمـی صدام بۆ ئەو هەموو جینایەتە بووە کە دژ بە کورد کردوویە. کرتە بـۆ ئێـرە بکـە و Ctrlدابگـرە. هـەروەها بروانـە کتێبـی خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا[5]، نووسـینی کەسایەتیی ژمارە ٢ ی یەکێتیی نیشتمانیی . کتێبی خولانەوە لەناو بازنەدا لە ١٩٩٩واتە دەسال بەر لە جیابوونەوەی نەوشیروان مصطفى لە یەکێتیی نیشـتمانیی نووسراوە.



220 The Passion and Death of Rahman the Kurd

was discussion of autonomy for Kurdistan. The meetings concluded with this agenda. It had not been successful, but at least there was the beginning of an agreement.

But when Talabani returned to Tehran, the internal political situation had changed. The Iranians frankly admitted the existence of two tendencies within the regime that were in opposition to each other: whether or not to dialogue with the Kurds. Khomeini's health was declining, and the fight for the succession had intensified. Those who wanted to dialogue were harassed. They asserted that the hard-liners were against the negotiation and Talabani knew it was true.

One day the Iranian government informed Talabani that his people had talked too much and therefore they were halting the negotiations. Talabani wrote to Ghassemlou and shared his thoughts. Talabani was convinced that the Persians did not really want to concede anything.

"In truth," Talabani concludes now, "they did not want an agreement or a solution. But I never imagined they wanted to murder him."

Indeed, a negotiated agreement was not in their plan. "Since Iran had other intentions, they knew they could not do anything with the way Talabani had organized the first three meetings. The Iranians leaked information about the meetings and then blamed the PUK so they could leave them out of the negotiations. They could not have Ben Bella there, either, because they did not want to antagonize the Arab countries," said Hassan Zadeh.[262]

As agreed upon, Ghassemlou returned to the mountains in Iran, with a cassette recording of the negotiations, and reported back to the party. He told the political bureau that he agreed with the Iranians that the next meetings should happen in Kurdistan.

He said, "It's not worth it to go to Europe. We can continue the talks at the border."

But the political bureau was against this idea because there was no way to guarantee either security or the confidentiality of the negotiations. Also, after having listened to the taped conversations and having discussed the subject for hours, the political bureau reached the conclusion that it was useless to continue negotiating.

"In the first place," Sharafkandi explained later,[263] "the emissaries that came were not at the same level as Dr. Ghassemlou, protocol-wise. There was a government employee and a pasdaran. They were not

لە دەقە کوردییەکەدا کە مەلا عەبدوللا لە پاراگرافی ٢دا ئەو باسەی نووسیوە، شێواندوویە و نـازانرێ کـە ئـەوەی بـە لای دەفتـەری د.قاسـملوودا تێپـەڕیوە وتـەی کـێ بـووە؟ لـە دەقـە ئینگلیزییەکەیدا ئاشکرایە. وتەی نووسەر بووە و روداوی چوونی تالـەبانیی بۆ ئێرانـی بـاس کردووە.

تالەبانیی لەو گوتوبێژەی لەگەڵ کارۆل لە نەوعێک پێوەندیی نێوان خۆیو ئێرانییەکان دەدوێ کە هیچ وێچووییەکی لەگەل پێوەندیی د.قاسملوو بە عێراقییەکانەوە نەبووە. لە بیست تۆن بەڵگەنامەی رژیمـی صـدام کـە کەوتـە دەسـتی تەنزیمـەکانی باشـوری کوردسـتان یـەک بەڵگەنامەی تێدانیشان نەدراوە کە ئاماژەی بە د.قاسـملوو و حـدکاکردبێ یـا بـە دژی تەنزیمەکانی کورد لە باشوری کوردستان هەڵوێستێکی دوژمنانـەیان هـەبووبێ. بـەلام ئــەوەی کــە تالــەبانیی، کــەمال فوئــاد، فوئــاد معصــوم، فەرەیــدون عەبدولقادر،نەوشـیروان مصـطفى ، شـێخ نـوری و بـە گشـتیی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسیی ینک بۆ کۆماری ئیسلامیی بە هاوکـاریی مەلاعەبـدوللای حەسـەنزادە (حیـاکی )بەسەر ئەندامانی حدکاو حیزبی دێموکراتیان هێناوە لەمێژووی هیچ بزووتنەوەیـەکی گەلاندا نەکراوە.

تالەبانیی بە پێێ رێکەوتنەکەی مانگی دەی ١٩٨٦ لە کتێبی خولانەوە لـە نـاو بازنـەدا، یـەکێتیی نیشتمانیی کرد بە بەشێک "لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران" کە لـە شـەرەکانی نێـوان عێـراق و ئێراندا بە بە ستونی پێنج( طابوری پێنج) ی رژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی نـاو دێـر کـرا. بروانـە هێرشە هاوبەشەکانی ینک لەگەل سپای پاسداران بۆ دەورو بەری کەرکوک و شەڕی هەلەبجە لـە خولانەوە لە ناو بازنەداو وهێرش بۆ سەر شاری هەلەبجە و کارەساتێک کە بەسـەر ئـەو کـوردە هەژارەیان هێنا. شرۆڤەیەکی کـورتی ئـەو جینایەتـە لـە کتێبـی کارەسـاتی هەلـەبجـە نووسـینی شـەوکەتی حـاجی موشـیر و خولانـەوە لـە ناوبازنـە،نووسـینی نەوشـیروان مصـطفى بخوێنـەوە! تالەبانیی، نەوشیروان مصطفیی بە زەمینە خولقێنی ئەو کارەساتە بۆ رژیمی صدام تاوانبارکرد و لەبەرامبەردا ئەویش تالـەبانیی بە زەمینەخولقێنی هەموو کارەساتەکانی کوردستان بۆ رژیمـی بەعس تاوانبار کرد. لە واقیعدا هەردوو سیاسەتڤان بەرپرسایەتییەکەیان هاوبەش بووە. چونکە هەردوو ئەندامی بەرێوەبەریی و بریاردەری ئەو تەنزیمە بوون.

تالەبانیی لەگەل کارۆل باسی سەربەخۆیی بریاری سیاسیی خۆی و تەنزیمەکەی کردووە . ئـەوە ئیددیعایـەکی ناراستـە، چونکـە تالـەبانیی هـیچ پێوەندییـەکی قانوونیی – سیاسیی بە دەولـەتی ئێرانە نەبووە تا قەرارێکی سیاسیی دابێ و لایەنەکەی دیکـەی کـارگێڕێکی وەزارەتخانەیـەکی دەوڵـەتی ئێـران بـووبێ. پێوەنـدیی تالەبانیی و تەنزیمەکەی تەنیا لەگەل کارگێڕێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە کە رفسنجانی لە تێرۆری میکونوس و فروهەرەکاندا بە نیروهای "خودسر" پێناسەکردن. بریاری سیاسیی لەوەزارەتی دەرەوە دەدرێ و دەبێ لەلایەن هەیئـەتی وەزیرانـەوە پشـتیوانیی لێکرابـێ. هـیچ رێکەوتنێکی قانونیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەل تەنزیمی ینک لە ئارادا نەبووە. بروانە کتێبی خولاوە لە ناو بازنـەدا لاپـەڕەی 105 هـەروەها بڕوانـە ئـەو دەقەی "کتێبی جنبش ملت کورد و خواست استقلال "نووسینی کریس کۆچێرا وەرگێڕانی عەزیز ماملی لاپەڕەی ٢٨٩ و ٢٩٠کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

ئەوباسەش کە تالەبانی بۆ کارۆل پرۆن هۆبێری کردووە لە واقیع بەدور بووە، چونکە ئەوکاتە و دواتریش تادوای شەشی بانەمەڕی ١٣٦٦ بە وتەی مەلا عەبدوللا "راپۆرتێکی خەبەریی" کە تالەبانیی لەسەر حدکا بۆ "وەزارت اطلاعات جمهوری اسلامی " نووسیبوو باسێک لە وتوێژی حدکاو پاسدارەکان نەبووە.

حەسەنزادە لە دوای ئەو"راپۆرتە خەبەرییەی تالەبانیی" بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و جیابوونەوەی "رێبەرایەتیی شۆرشگێر" لە حدکا، قیبلەی گۆڕی و بە فەرمانی تالەبانیی، حدکای لە قەندیلەوە بەرەو کۆیـەرادا. بەڵگـەکان سـەلمێنەری هاوکـاریی بـێ لەمپـەرو بـێ سنوری مـەلا عەبـدوللا لەگـەل زانیـاریی ینـک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانن. ئەو بەشە لە رێبەرایەتی "حدک "ی تەزوریی و حدکا بۆ کوشتن و بریندارکردن، فرۆشتن، تەسلیم کردنی پێشمەرگە بە دوژمن،

5 _ http://www.peshmergekan.eu/kteb/xulanewe-le-naw-bazneda.pdf





دەرمانـداوکردن، گوللـەباران کـردن و ئاوارەکردنیـان کـە ڕەقـەمێکی سـەر سـووڕهێنەرە بەرپرسیارن. بەڵام مەڵا عەبدوللا بەرپرسی سەرەکیی کارەساتەکانە کە بە سەر عدکای هێناون

مەلا عەبدوللا لە لاپەرەی ٢١٨ هێلی ١٣ی دەقە ئینگلیزییەکـە و هێلـی ١٦ دەقـە کوردییەکـە، ناوی محسن رضائی لە دەقە کوردییەکەدا سانسۆر کردووە.

**وتوێژی یەکەمی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لە ڤییەن لە گەل نوێنەرانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران**

ئەو بابەتە لەلایەن تالەبانییەوە بۆ کارۆل پرۆن باس کراوە کە لە برگەی ٥ و لاپەڕەی ٢١٧ دەقی ئینگلیزیی کتێبەکەی کارۆل بەرامبەر بـە لاپـەڕەی ٢٤٠ پێداچوونەوەکـەی مـەلا عەبـدوللا دەستی پێکردووە و ئاخری بڕگەی ٥ لەخۆی دەگرێ. ئەوەی تالەبانیی لەسەر پێشنیاری وتوێژ و وتەکانی د.قاسملوو و کاتی وتووێژەکان و شێوەی وتوێژەکە و بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانـە باسی کردوون لەگەل راپۆرتەکانی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە و ئاگادارانی ئەو وتوێژانـە جیاوازن. شرۆڤەی ئەو بابەتە و پێشنیاری وتـووێژ کـە لەلایـەن تاڵەبانییـەوە کـراوە دواتـر لێیان دەکۆلینەوە.

تێبینیـی: ئەوانـەی کـە مەڵاعەبـدوللا حەسـەنزادە وەکـو زانیـاریی خـۆی لـە ڕەوتـی ڕوداوەکـە بـۆ کـارۆل پـرۆن هـۆبێری بـاس کـردوون، لـە پێداچوونەوەکـەی خـۆیدا سانسۆری کردوون.

بروانە پاراگرافی ٥ لاپەرەی ٢٢٠ دەقی ئینگلیزییەکە بەرامبەر بە ٢٤٣ پێداچوونەوەکە هێلی ٢٢ تا کۆتایی پاراگرافی پێنج!

وەرگێردراوی ئەو دەقەی مەلا عەبدوللا بۆ پێداهەلگوتنی تالەبانیی بووە. سەیر ئەوەیە کە حەسەنزادە ئـەم چیرۆکەشـی وەکـو زۆر لـە هەڵبەستەکانی دیکـەی و لەپێداچونەوەکە ی‌دا بە بەدەقەکوردییەکە، سانسۆر کردووە. مەلا عەبـدوللا نـە یویسـتووە ئێرانییـەکان لـە دەوری سێ لایەنـەی ئـەو لـەو نومایشـانە دا کـە دەیانگێڕی ئاگاداربن.

**مانای ئەو دەقە سانسۆر کراوە کە مەلا عەبدوللا بۆ کارۆلی باس کردووە بەم جۆرەیە:**

"بەراستیی قەرارێکی وتووێژ لە پلانیاندانەبوو. لەو کاتەوە کە ئێرانییەکان مەبەستگەلێکی دیکەیان هەبوو، دەیانزانی ناتوانن لە ڕێی تالەبانییەوە بەو شێوەیە کە ئەو لە سێ دیداردا ڕێکیخستبوو سەرکەوتووبن. ئێرانییەکان بڵاویان کردبۆوە کە وتووێژەکان درکێندراون. ئەوکاتە سەرکۆنەی یەکێتییان کرد. لەبەر ئەوە لە وتوێژەکەیان وەدەرنان. ئەوان نەیاندەتوانی ڕێگەبدەن بنبێللاش بەشدار بێ، چونکە نەیاندەویست عەرەبەکان دژ بە خۆیان هان بدەن.ژمارە [٢٦٢]
ئەو بەشانەی دیکە کە کارۆل لە تالەبانیی بیستوون و ئاماژەیان بە ڕێکەوتنی د.قاسملووو تێرۆریستەکان لە قۆناخی یەکەمی وتووێژەکان دا وەکو قانوونیی بوونی حدکاو ئازادیی سیاسیی و خەبات بۆ ئۆتۆنۆمیی و شتی لەوبابەتە کە کرابن لەگەل ئەووتانەی دیکەی تالەبانیی کە گوتبووی مەبەستی ئێرانییەکان تێرۆری د.قاسملوو بووە جیاوازن.
ئاخر پاراگرافی لاپەڕەی ٢٢٠ و یەکەم پاراگرافی ٢٢١ی دەقە ئینگلیزییەکە لە لاپەرەی ٢٤٤ دەقەکوردییەکەدا تەزویر کراوە.

“In the first place”, Sharafkandi explained later,[263] “ the emissaries that came was a government employee and a pasdaran [ passdar].They were not politicians. The secretary general of the KDPI would not speak again with people of this level.

مانـای ئـەو وتانـە کـە لـە لایـەن مـەلا عەبـدوللاوە و بـە نـاوی دوکتـور شـەرەفکەندییەوە بـۆ نووسـەری کتێبەکـەباس کـراوە[263] ' دوو جـار لەلایـەن مـەلا عەبدوللاوە تەزویر کراوە. جارێک لە دەقە ئینگلیزییەکەدا تەزویری کردووە و جارێک لە کوردییەکەدا.

مـەلا عەبـدوللا بـە زمـانی دوکتـور شـەڕەفکەندییەوە بـە کـارۆلی گوتـووە: "لـە پلـەی یەکـەمدا " شـەرەفکەندیی دواتـر شرۆڤەی کـرد[263] ئـەو نوێنەرانـەی کـە هـاتن لەپلـەی دوکتـور قاسـملوو دانـەبوون. کارمەنـدێکی دەولـەت و پاسـدارێک بـوون. ئەوانـە سیاسـییکار نـەبوون. سکرتێری حـدکا جـارێکی دیکـە نـابێ لـە گەل کەسانێکی ئاوا بدوێ.

ئەوانـە وتـەی مـەلا عەبـدوللان و بـەزمانی د.شـەرەفکەندییـەوە کردوونـی و بـە نووسـەری کتێبەکـەی گوتـوون و ئـەویش نووسـیونی. بـەلام لـە دەقـە کوردییەکەدا ئەوەی کە تەرجەمەکراوەتەوە بەم شێوەیە گۆڕیویە:

" شەرەفکەندیی دەیگوت :« بەر لە هەموو شتێک» ئەو نوێنەرە سیاسییانەی ناردبوویانن بە ڕادەی دوکتورقاسملوو ی زانا و تێگەیشتوو نەبوون. نوێنەرێکیان دەوڵەت ناردبووی و ئەوی دیکەیان هی سوپای پاسداران بوو. هیچکامیان سیاسەتڤان نەبوون . سکرتێری گشتیی حدکا ئیدی ئامادە نەبوو دەگەڵ کەسانی پلە

– نزمی ئەو تۆ وتوێژ بکا.

مەلا عەبدوللا لە وەرگێردراوەکەدا وتەکانی خۆی گۆڕیون: ١– لە دەقەکەی نووسەردا باسی نوێنەری سیاسیی نەکراوە .

وشەی Representative

بە مانای نوێنەرە و بەس. مەلاعەبدوللا وشەی " سیاسیی" لێزیاد کردووە. پەسنی بە رادەی د.قاسملوو ... زاناو تێگەیشتوو نەبوون لە تێکستەکەدا نی‌یە و مەلاعەبدوللا لێی زیادکردووە و تێی‌نەگەیشتووە کە مەبەست پلەی زانایی ئەو کابرایانە نی‌یە. مقام و پۆستی دەولەتیی کابرای نوێنەر مەبەست بووە. سەرۆک کۆماری فلانە وڵات لەگەل سەرۆک کۆماری فیسارە ولات هاو پلە و مقامن. وەزیری دەرەوەی جیبوتیی لەگەل وەزیری دەرەوەی چین لە یەک پلەو مقام دان. بۆ پێشوازیی کردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە هیند سەرۆک کۆماری هێند دەچێ. خوارتر لەوە شکاندنی عورفی سیاسیی و بەکەمگرتنی لایەنەکەی دیکەیە. سیاسەتکارەکانی کورد جیا لە دەزگای ئیتتیلاعاتی ولاتان و کارگێرە پلە نزمەکانیان کەسی دیکە لە دەولەتدا ناناسن. بروانە ڕێکەوتنەکانی تالەبانیی لەگەل باقری ذوالقدرلە ١٩٨٦ و هێنانی صحراورودی بە ناوی نوێنەری سەرەکیی ئێران بۆ یاخسەمەر[6] لە لایەن تالەبانیی‌یەوە! بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی لاپەرەی ١٠٥

نوێنەری سەرکیی ئێران ( محمد جعفر صحرارودی)مقامێکی دەولەتیی ئێران نەبووە. ئەو کابرایە پاسدارێکی جاسوس لە دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران واتە جاسوسێک بووە. محمد جعفری صحرارودی لەلایەن تالەبانیی‌یەوە بە ناوی نوێنەری نیزام، نوێنەری سەرۆک کۆماری ئێران، هاشمی رفسنجانی، نوێنەری سەرۆکی پارلمان لە وتوێژی خولی یەکەمدا بە د.قاسملوو ناساندرابوو. لە باس کردن لەسەر بەڕێوەچوونی وتووێژەکەی قۆناخی یەکەمدا ئەو بابەتە گرنگە دەخرێتەوە بەر باس.

تالەبانیی بەر لەوە ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق هەرگیز ڕێگەی نەدرا بوو بچێتە لای ئاخوند رفسنجانی. بیرەوەریی‌یەکانی رفسنجانی بخوێنەوە! داوا و پێشنیارەکانی تالەبانیی لەرێگەی محسن رضائی‌یەوە بە رفسنجانی درابوون. ناردنی صحرارودی بۆلای بەرپرسانی تەنزیمەکانی باشور و بردنی مەلا عەبدوللا بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی تەنیا بۆ شکاندنی حورمەت و کەسایەتیی بەرپرسانی تەنزیمەکانە.

سیاسەت عورفی خۆی هەیە و سیاسەتکار دەبێ شارەزا لە سوننەت و نەزم و رەفتار و شێوەی قسەکردنی بێ. کاتێ دەولەتی ویتنام و ئەمریکا بۆ وتووێژ بریاریان دا، شەش‌مانگ لەسەر شکلی میزی دانیشتن و ئەندازەکەی و جێگەی نوێنەرانی دوو وڵات و ماوەی وتوێژەکان و ئوسلوبی وتووێژ ... وتووێژیان کرد.

سیاسەتڤان لانی کەم بیست ساڵێک دەبێ زانستی سیاسەت بخوێنێ و ئەزموونێکی زۆری کۆکردبێتەوە. رەفتاری سەرۆک کۆماری عیراق لەگەل سیاسەتڤانەکانی دیکە زۆرجار بە سەیرو دوور لە عورفی دیپلۆماتیک پێناسەکراوە. تەسبێح هەڵسوراندن و ماچکردنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو فرمێسک رشتن بۆ خومەینیی و چەتررا گرتن و ئیسکۆرت کردنی رفسنجانیی و پێدا هەڵگوتنەکەی و ناوبردنی بە :" ئایەتوللا هاشمیی رەفسەنجانی نێعمەتی خودا بۆ کورد و عەرەب " یان ماچ کردنی دەم و گوپی صدام دوای کارەساتەکانی کوردستان ، ئەمانە رەفتاری دور لە عورفی سیاسیین و لە ناو سیاسەتڤانان‌دابە رەفتاری خێڵەکیی ونەسەردەمیی لێک دەدرێنەوە.

لاپەرەی ٢٢١ پاراگرافی ٦دەقە ئینگلیزیی‌یەکە لە لاپەرەی ٢٤٤ دا پاراگرافی ٥ لە لایەن مەلا عەبدوللاوە سانسۆر کراوە. ئەوەش یەکی دیکە لە بابەتەکانی مەلا عەبدوللایە کە لە لای کارۆل پرۆن هۆبێر بە خۆی‌دا هەڵگووتووە، بەلام چونکە زۆر جار ئەوەی بڵاوی کردووەتەوە و لێیان لە قاوداوە کە ئەوەی گوتوویە هی د.قاسملووە ومەلا عەبدوللا بوختانی بە خۆی کردووە و هەلیبەستووە، لەبەر ئەوە لە دەقەکوردیی‌یەکەدا نەینووسیوە و سانسۆری کردووە.

وەرگێردراوی دەقە سانسۆرکراوە تەزویریی‌یەکە بەم جۆرەیە:

Carol Prunhuber 221

politicians. The secretary general of the KDPI would not speak again with people of this level.

"In the second place," he added, "it was useless to explain once more what autonomy is. We had already put forward many declarations and publications about it, and the Iranian government knew what autonomy was. The essential thing was whether they accepted it—and for them to officially declare to agree with the principle of autonomy. We were ready to halt the armed struggle and negotiate the content for autonomy. The process could last one or two years, but the war would end, and the irreversible principle of autonomy would be maintained. We felt we could arrive at a definite agreement through the negotiations."

Therefore, as agreed in March of 1989, the political bureau sent a representative to Vienna to establish contact with emissaries from the Islamic government and give them this message.

But instead of Ghassemlou it was Sharafkandi who made the trip. According to Sharafkandi, the Iranians did not appear; they justified their absence by saying that they were very busy and that Khomeini's illness had them paralyzed.

"Dr. Ghassemlou asked me what I thought if the Islamic Republic was willing to resume the negotiations: should we negotiate?" recalled Ghassemlou's collaborator Hassan Zadeh. "I told him that if the conditions that we had demanded were accepted, then yes, we should negotiate. [The conditions were,] first, that it be a formal negotiation between the party and the government; second, that negotiations be based on the Kurdish demands; third, that a third party should supervise the negotiations."[264]

Ghassemlou was still anxious to seal an agreement with Tehran before Iran and Iraq made a final deal and reached an understanding. He said to Talabani, "Afterward, we will have nothing. We will not be able to attain anything; there will be no concession from either side."

"He pushed me," admits Talabani, "to negotiate with Iraq by mediating between Baghdad and us. His political analysis was correct. If Iran and Iraq reached an agreement, there would be nothing for the Kurds. I think it was because of this eventuality that Dr. Ghassemlou was in a hurry."

But Ghassemlou was alone in this thinking. His people did not believe in the negotiations. Therefore, in July 1989, he traveled to


6 _ خولانەوە لە ناوبازنەدا.لاپەرە ١٠٥

حەسەنزادە  بۆ کارۆلی باس کردووە و گوتوویە: د.قاسملوو لێیپرسیم  ئەگەر کۆماری ئیسلامیی  بۆ وتوێژ پێوەندیمان پێوە بگرێ من دەبێ  نەزەرم چۆن بێ.

من[ مەلا عەبدولا قسەدەکا] پێم گوت :"ئەگەر مەرجەکانی ئێمە کە داوامان کردوون قبوڵ بکرێن ئێمە دەبێ وتوێژ بکەین.[ مەرجەکان ئەمانە بوون] یەکەم وتوێژەکە دەبێ  بە رەسمیی لە نێوان حیزب و دەولەتدا بێ۲– وتوێژ دەبێ لەسەر ویستی کوردبێ ۳– لایەنی سێهەم دەبێ چاوەدێر بێ.[264]

## سەرنجێکی پێویست بۆ  ئەو زانیارییانەی کە دراون بە نووسەری کتێبەکە

لەمەر ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن تالەبانیی و مەلا عەبدوللاوە بە نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد دراون بە  وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی کارگێڕانی رژیمی کۆماری ئیسلامیی بووە.  مەلا عەبدوللا بۆ شاردنەوەی واقعییەتی تێرۆری د.قاسملوو هەوڵێکی بێوچانی داوە. ئەو هەوڵەی لە هێندێک بەشدا سەرسامهێنەرە. مەلا عەبدوللا دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی، سامناکترین خەیانەتی  بە بزووتنەوەی کورد و حدکا لە رۆژهەلاتی کوردستانی کرد، بە دژی ئەندامانی رێبەریی حدکاو لە نەبوونی مصطفی هیجری (سکرتێری حدکا)دا  لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و  بە پلانی  سێقۆڵیی: خۆی ، صحرارودی و تالەبانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ قژڵی هەرمۆتەی ژێر دەسەڵاتی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ کۆیە ڕادا. سەیر ئەوەیە کە مەلا عەبدوللا تۆمەتی ئەو خەیانەتە ئەبەدییەی بە کورد بە بڕیاری سەرۆکی پارتی دێموکرات و "مقاماتی پارتیی" لەقەڵەمداوە. بۆ ئەوە ئەو خەیانەتەی مەلا عەبدوللا  بە ناوی پارتی دێموکراتی کوردستان بنووسرێ، مەلا عەبدللا چووبووە فەرەنسە، وتوێژێکی لەگەل کریس کۆچێرا کردبوو  و ئەو بوختانەی بۆ  کریس کۆچێرا باس کردبوو کە لە کتێبەکەیدا  بە ناوی بزوتنەوەی کورد وویستی سەربەخۆیی  [ جنبش کردو خواست استقلال ] بە زمانی فەرەنسیی  چاپی کردبوو. ئەوکتێبە لەلایەن مامۆستا عەزیز ماملی یەوە کراوە بە فارسیی و لە ئاوریلی ۲۰۰۰ چاپ کراوە. بروانە لاپەڕەی ۲۸٦ کرتە بۆ ئێرە بکە و  Ctrl دابگرە!



222 The Passion and Death of Rahman the Kurd

Vienna without informing anyone. He told only his ex-wife, some French friends, Rasul, Abdullah—and, by chance, Ben Bella also knew the secret.

Two years later, in a Paris hotel room, Talabani recalled these circumstances surrounding the murder of his friend. "Ghassemlou should have realized why the Iranians cut us [the PUK] out of the negotiations: it was because they had prepared everything, and with us involved, they could not do it. They could not kill two Kurdish leaders at one time.

"I don't understand how Ghassemlou was fooled by Rasul, because I never saw him [Ghassemlou] again. He wrote me some letters where he complained that some of my people had talked, and I accepted that he was right. He was upset. 'You know very well that the Kurds cannot keep a secret,' I told him.

"I'm surprised that he was deceived so easily," Talabani admitted, "[and agreed to the meeting] with no bodyguards. As a consequence, Dr. Ghassemlou was left with the responsibility of taking care of himself. He also made technical errors. Why did he meet in the same place twice? How was it that he agreed to go to that place without bodyguards? No one can understand this."

Nonetheless, Ghassemlou was convinced that the Kurds had made a small step forward in the December and January negotiations: there was an agreement of principle to review autonomy status for Kurdistan.[283]

In those first meetings, the Kurds expressed their hopes while still abiding by the slogan that the party had adopted earlier: "Democracy for Iran! Autonomy for Kurdistan!" Such a slogan was not common in the Third World, but it was not strange at all to those who knew the party. The KDPI was an unusual organization with its push for democracy instead of a communist-style government so popular among revolutionary movements at that time.

As with many minorities around the world, the Iranian Kurds demanded recognition of their identity, respect for their language, and the right to teach Kurdish along with Persian in their schools. As well, they wanted to place regional law enforcement in the hands of the peshmergas, their own police force.

The KDPI represents the majority of the Iranian Kurdish population. It is a party of materially impoverished people who live in a universe of

مەلا عەبدوللا دوای رادانی حدکاو  فرۆشتنی  بە ئیتتیلاعاتی سپاو تاڵەبانیی  ئیفلاسیی حدکای بە کردەوە راگەیاند.

مصطفی هجریی و ئەندامانی تیمەکەشی ئەو خەیانەتەی مەلا عەبدوللا و ئەوئاوە رژاوە و  ئابرووە چوواوەیان  وەک واقعییەت  و کورد گوتەنیی بە  "گوێێ مامۆستا "قبوڵ کرد و بێدەنگەیان لێکرد. بەم جۆرە مەلا عەبدوللا زەمینەی کوشتاری سەدان ئەندامی حدکای  بۆ زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران  پێک هێنا. ژمارەی تێرۆرکراوەکان بە وەبەرچاوگرتنی ئامارێکی نادروست و پاکانەیەکی ئاخوندیی لە کتێبی " ئەزمونی خەباتی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بۆ شاردنەوەی ناوی جینایەتکاران، دواتر باس دەکرێ. لەبەردا بروانە ئەو دەقە و دواتر بەشێک لە ئاماری واقعیی حدکا کە بڵاو کراونەوە دەخەینەبەرچاو. مەلا عەبدوللا  دوای رادانی حدکا  بووە بە بەرێوەبەری ویست و داخوازەکانی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران.  دوای ئەو ئاڵ وگۆڕە جەوهەرییە  ئەوەی لە بەرژەوەندیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانداببوە بە دژی حدکاکردوویە. لەوە بەدوا هەر هەلوێستێکی ئەمنییەتیی – سیاسیی –جینایی لە لایەن ئیتتیلاعاتی سپاوە  دژی حدکا گیرابی مەلا عەبدوللا بۆ سەپاندنی هەوڵیداوە. ئەو چەند بەڵگەنامەیە بخوێنەوە کە  بڵاو کراونەوە کرتە بۆ ئێرە  و ئێرە و ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

ئەو بە ناو زانیارییانەش کە لەلایەن مەلا عەبدوللاو تالەبانییەوە سەبارەت بە وتوێژی د.قاسملوو و ترۆریستەکانی سەر بە رفسنجانی و تێرۆری د.قاسملوو  دراون بە نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد لەو چوار چێوەیەدا دەبێ وەبەرچاو بگیرن. نە مەلا عەبدوللاو نە مصطفی هجری نە هیچ ئەندامێکی حدکا دێڕێکیان لە پەروەندەی تێرۆرەکانی دوو رێبەری تێرۆرکراوی حدکا نە خوێندووەتەوە. ئەگەر خوێندوویاننەوە بازەحمەت بکێشن دوو سێلاپەرە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو "بەڵگەنامانەی" کە خراونەتە بەرچاوی خەلکەکەمان بڵاوبکەنەوە.

ئەوەی کە لەسەر تێرۆری ئەو دوو کەسایەتییە بڵاویان کردوونەوە، درۆی فلانە پاسدارو و ئەو تەزویرانە بوون کە مەلا عەبدوللا لە ماوەی ئەو بیست و چەندسالەدا کردوونی و کۆمەڵگای  کورد و  ئازادییخوازانی گەلی ئێمە و بیرورای جیهانیی پێفریو داون.. خەواندنی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی ئازەر بە بیانووی نەبوونی خەرجی وەکیل بۆ نزیک کردنەوەی تالەبانیی لە ئیتتیلاعاتی سپا  و خزمەت بە  رێبەرانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی بووە.  ئەو سامانەی کە رۆژێک د.قاسملوو باسی کرد چی بەسەرهات؟ راگرتنی تاقمێکی پەنابەر کردوو بۆ ماوەی بیست و چەندسال لە قژلێکی پەنابەرییدا کە ئەرکی رۆژانەی ئەو تاقمە  پڕکردنی ئافتاوە و ئیسکۆرتی چەکدارانەی مەلا عەبدوللاو تیمەکەی بۆسەرئاودەست بێ ئەو دەفتەرو دەستەک و ئیدارە و ئیسکۆرت و رشتنی خوێنی لاوانی کوردی دەوێ؟

بەسەرهاتی هەزاران ئەندامی کوژراو، بریندار، راکردوو، فرۆشراو، گوللەبارانکراو، دەرمانداوکراوو سوتێندراوی حدکا ئاکامێ پیلانیی مەلا عەبدوللا بۆ رادانی حدکا لە قەندیلەوە بۆ ئوردوگای پەنابەران بووە. مەلا عەبدوللا بەرپرسیاری یەکەمی ئەو کارەساتانەیە کە دوای تێرۆری رێبەرانی حدکا بەسەر بزووتنەی کورد و ئەندامانی حدکا لە باشوری کوردستان هێنراون.

**درێژەی ئەو لێکۆلینەوەیە لە بەشی یازدەدا بخوێنەوە!**

**٢٥ ئۆکتۆبری ٢٠١٥**